


# قەنارییەکان باس لە جوانی تۆ دەکەن

د. یوسف زەنگەنە

کوردستان -٢٠١٦-

(شعری ڕۆمانسی)

# ڤەنارییەکان باس لە جوانی تۆ دەکەن

د. یوسف زەنگەنە

2016

زەنگەنە، د. یوسف
چۆلەکەکان باس لە جوانی تۆ دەکەن.
(هەڵبەستی رۆمانسی)
چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠١٦

Zangana. Yousuf, Dr.
Sparrows AreTalking about
Your Beauty.

(Romantic Poems)
Place of Publishing, Kurdistan, 2016.
dr.yousufzangana@gmail.com

# **پێشکەش**

پێشکەش بە تۆ،
کە لێت پرسیم،
بێ دەنگی بۆ،
ئەم شعرانەت کە خوێندەوە،
رێگە نەدەیت کەوا دڵت،
لێت بپرسێت،
کێ بێ ئاخۆ،
ئەو دڵ رەقەی کە بەم جۆرە،
ئەو بێدەنگەی،
خستە رۆرۆ؟

## -١-

# هێمای تۆ

نازانم بۆ،
لە چلەی ساردی زستاندا،
کە هەرکاتێک دەکەومە،
خەیاڵی تۆ،
وا هەست دەکەم کە بەهارە،
هەموو شتێک بۆنێ گوڵەو
گۆڵیش هێمای،
تۆی لێ دیارە؟

# -٢-

# بارانی خۆشەویستی

لەو رۆژەوە کە بارانی،
خۆشەویستیت بە سەرمدا،
داباریوە،
خەم داویەتی لە شەقەی باڵ،
بۆ بنی ئاسمان فریوە،
دەڕوانمە سەرو سیمام،
لەوەتەی هەم، وەکو ئێستا،
شادی رووی خۆم،
نەبینیوە.

# -٣-

# ئاوابوونی هەتاو

با ئاوا بێت،
لە بریتی یەکجار رۆژی،
سەد جار هەتاو،
با نووقم بێت لە دەریادا،
نێوی ئیتر نەیەتە ناو،
جیهانیان،
ئەوەندەمان بەسە کەوا،
تیشکی رووی تۆ،
رۆژی جارێک،
بێتە بەرچاو.

## -٤-

# رازی پشت پەردە

لە پشت پەردەی هەر شعرێکدا،
کە دەینووسم،
رازێکی زۆر قووڵ پەنهانە،
دۆزینەوەی تەنها کاری،
عاشقانی، بە گڕی عشق،
دڵ و دەروون سووتاوانە.
جارێک عشقی پەپوولەیەک،
جارێک گوڵێک،
جارێک خاکی کوردستانە،
جارێک بیری کوردایەتی،
کە ڕێبازی هەمیشەیی و
تاکە وێردی سەر زمانە.

-٥-

# رووداوێکی خۆشەویستی

رووداوێکی خۆشەویستی،
وامدەزانی،
هێندە درێژخایەن دەبێت،
کەوا بکرێت،
بە داستانێک یا رۆمانێک،
بۆ نەوەکانی داهاتوو،
بەڵام ئەفسووس،
کۆتایی هات و بەسەرچوو،
بە کەمتر لە،
چاوپوورکانێک،
ئاکامەکەی، لە دەروونداا،
زەمین هەژێک و بوورکانێک.

# -٦-

# قەنارییەکان
# باس لە جوانی تۆ دەکەن

کە بە دیقەت دوو گوێم شل کرد،
بۆ ئاوازی قەنارییەکان،
باسی جوانی،
تۆکەی منیان،
بە گوێی یەکتردا دەچپان،
یەکیان دەیگووت، گوڵەباخە.
ئەویتریان، نا، ئەرخەوان،
یەکێک دەیگووت کە نەسرینە،
نا، نێرگزە، یەکیتریان.
لە ئاکامی دەمەتەقێ،

نێویان لێنای، شای گۆڵەکان،
ئای کە شاد بووم لەو ساتەدا،
لەو کاتەدا خۆم روانی،
زۆر بەرزترو بە هێزتر بووم،
لە شای شاکان.

## -٧-

# جوانیت

کە هەر رۆژێک وێنەیەکت،
دێتە بەر چاو،
دەڵێم تەواو،
ئا ئەمەیان جوانترینە،
لە نێو ئەلبوومی دڵمدا،
کە شایانی هەڵواسینە،
بەڵام وێنەی رۆژی پاشتر،
گەلێک لەوەی پێشوو جوانتر،
دەڵێی کەوا پەروەردگار،
لە سەر تۆدا هەر ساتێک و
هونەرێ، نوێ دێنێتە کار،
بتناسێنێت، تاکو رۆژێک،
لە جوانیدا وەکو شاکار.

# -٨-

# من و شەم و پەپوولە

ئارام، ئارام،
وەکو شەمێک، بە تەنیایی،
لە تاریکیدا دەسووتام،
پەپوولەیەک،
کە پەیدا بوو لە دەورمدا،
دڵمی خستە کڵپە کڵپ و
سەرتا پێ، گڕی تێبەردام.

## -٩-

# کە خەمباریت

کە خەمباریت،
رووی گۆی زەمین،
گۆڕستانە،
منیش یەکێک لە مردووان،
کاتێک شادیت،
دوونیا دەبێت بەو بەهەشتەی،
باسی دەکەن،
کە کتێبە ئاسمانییەکان،
من دەبمە بەهەشتییەک،
تۆش دەبیتە،
شای پەرییەکان.

## -١٠-

# نیگای چاوت

ئەگەر هەتاو مانی گرت و
کە هەڵنەهات،
ئەستێرەکان،
لە ترووسکە کەوتن و مانگ،
لە پشتی هەور کە دەرنەهات،
نیگایەکی چاوەکانت،
بەسە کەوا، بۆ هەمیشە،
رووی گۆی زەمین،
بە رۆژو شەو
رووناک بکات.

# -١١-

# فرمێسکی گوڵ

تاکو ئێستا وامدەزانی،
کە ئاوەنگە،
ئەو دڵۆپە ئاوانەی کە،
لەسەر پەڕی ناسکی گوڵ رادەوەستێ،
کاتی شەوان،
تۆ مەزانە،
کە فرمێسکی گوڵەکانن،
لە دووری تۆ،
بە شەو، کە نیت،
دێنە رژان.

# -١٢-

# پەری و بەهەشت

بۆ بیست ساڵێک،
پاڕامەوە من لە یەزدان،
باوەڕ بکەم تا بە بەهەشت،
پەرییەکم بدات پیشان،
کە تۆم بینی، ووتم (آمنت)،
کە بەهەشتی رووی زەمینە،
خاکی زێڕینی کوردستان.

# -١٣-

# تۆ پەرستی

نەمبینیوی، خۆشم ئەوێی،
لە ئێستاوە، ترسی ئەوەم لێنیشتووە،
بتپەرستم، گەر بتبینم،
بەو کارەشم، لەدەست بدەم،
مەزهەب و ئاین و دینم.

# -١٤-

# شای شاجوانان

بۆ ناساندن، هەڵبژاردن،
شای، شای جوانان،
لە گشت جیهان بانگ هەڵدرا،
شاجوانەکان هەموو هاتن،
لە ئاکامدا،
دڵڕفێنم،
کە بە وێنە ئامادە بوو،
ناسێندرا،

# -١٥-

# نازانم کەی؟

دەزانم هەی،

وەکو پەری هەر دوور بە دوور،

دێیتە بەر چاو،

ئەی راستەو خۆ،

دەتبینم کەی؟

# -١٦-

# بەفرو تۆ

زۆر بە پەرۆش دادەباری،
کە پرسیم بۆ؟
گووتی، چونکە ئاواتمە،
چەند چرکەیەک،
ئۆقرە بگرم،
لەسەر تاری هەورێشمی قژەکانی،
لە سەر برۆو موژی تیژی،
وەکو تیری نێو کەوانی،
لەسەر لێوی،
وەکو گوڵی ئەرخەوانی،
لەسەر بازووی،
لەسەر شانی،

لە نێو دەستی نەرم و نۆڵی،

لە باوەشی شووشەیینی،

پەنجەکانی،

بە گڕی قینی دەروونم تاواندمەوە،

کە بۆم دەرکەوت،

بەفری زۆرزان،

باسی جوانی تۆکەی منی،

هاتە زمان.

# -١٧-

# خاڵی قیبلە

پەنجاو چەند ساڵ،
سوجدەم دەبرد،
روو لە خاڵی قیبلەیەکی نەبینراو،
قیبلە، گۆڕا،
کاتێک خاڵی،
سەر لێوی تۆم،
هاتە بەر چاو.

# -١٨-

# تۆ و من و پەپوولە

کاتێک بینیم پەپوولەیەک،
لە دەوری قژو سەرتدا،
نەرم نەرم، لە سوڕانە،
وا هەستم کرد،
بە گوڵ لە تۆ گەیشتبێ،
بۆ مژینی بۆنی خۆشت،
سەرگەردانە،
تۆ مەزانە،
هەر وەکو من،
لەگەڵ تەڵی قژەکانت،
حەزی لە یاری و گەمانە.
ئەو زۆرزانە.

# -١٩-

# دووریت

لەو رۆژەوە کە لێم زیز بووی،
سەرتاپێ غەرقی فرمێسکم،
خەمی دووریت،
لە سووتانی دەروون دەرچوو،
گەیشتە سەر گۆشت و ئێسکم.
کاژێری سفری تەمەنم،
گیانەکەم، هێندەی نەماوە،
دەرکەوە، پێش ئەوەی دەرچێت،
لە سێنە دوامین هەنێسکم.

# -٢٠-

# تاری قژی یار

دەنگێک ئێجگار خۆش،
هات بە بەر گوێمدا،
کاتێک کە پەردەی،
نێوانی خۆم و
دەنگەکەم لادا،
بینیم کە شنەی نەرمی شەماڵە،
بە تاری قژی دڵڕفێنەکەم،
کەمان، لێدەدا.

# -٢١-

# گوومان لە هەتاو

نازانم بۆ،

ماوەیەکە بە گوومانم،

لە هەتاو و ئەستێرەکان،

وا هەست دەکەم،

هەتاو تۆ بی و

ئەستێرەکان،هەموو خەڵکی،

دیکەی جیهان،

چونکە کە تۆ دەردەکەوێت،

ئەوان ،

هەموو.

دەبن پەنهان.

# -٢٢-

# لە باوەشی شەپۆڵەکاندا

لە نێوانی من و تۆدا،
دەریایەکە پڕ شەپۆلی،
سەرشێت و هار،
هەر شەپۆڵێک بەرەو من دێت،
روو لە کەنار،
خۆم دەخەمە نێو باوەشی،
پێم ببەخشێت دەڵێم بەڵکو،
گەرمی تۆی یار،
بەڵام ئەفسووس،
هێشتا ئۆقرەم،
نەگرتووە لە نێویدا،
دادەمرکێ و دادەکشی و قووتی دەدا،
دەریای زۆردار.

# -٢٣-

# سەرژمێری هەڵە

چەندێ هەڵەن،
سەرژمێران،
کاتێ دەڵێن خەڵکی جیهان،
نیوەی پیاوەو نیوەی ژنە،
کە بە دیقەت تێیدەڕوانم،
تەنها یەک ژن من دەبینم،
ئەویش، ئەوەی، رفێنەری،
دڵی منە.

## -٢٤-

# گوللەبەند

شێخەکانی کۆنیش نەمان،
تیربەندێکم بۆ بنووسن،
هەڵیواسم بە باڵمدا،
نە بە تیری چاوەکانت،
گڕ بگرم و
نە دڵیشم بە دیتنیان،
بکەوێتە ترپەو لێدان.

# -٢٥-

# ئەستێرە

ئەستێرەیەکی بیرقەدار،
دەردەکەوێ،
لە بەرامبەر پەنجەرەکەم،
رۆژی رووناک،
بە شەوی تار،
نە خۆی دەنوێ،
نە رێدەدات،
کە خەو بێتە چاوکانم،
بێشەک خۆتی نازدارەکەم،
راوێستاوی بۆ سووتان و ئازاردانم،
جگە لەوەی خۆشم دەوێی،
ئەی پێم نالێی ئیتر چییە،

کە تاوانم،
بەم شێوەیە، بەربوویتە بە،
سزادانم؟

# -٢٦-

# گڕی چاوت

لە نێوانی نیگای تۆداو
هەردوو چاوم،
تۆپی هەتاوم هەڵواسی،
بمپارێزێت تا لە گڕی،
بەڵام نیگات، هێندە تیژ بوو،
گڕی بەردا،
لە هەتاو و لە هەناوم.

# -٢٧-

# تیری چاوت

هەرکە چاوت تیری گرت و
کەوتە وەشان،
دڵی منت کرد بە نیشان،
هەرکە پێکات و تێیکەوتی،
پاش گەشتێکی کوورتە خایەن،
بەجێتهێشتم، بە بێتاوان.

## -٢٨-

# من و تۆ

خۆشەویستیت وایلێکردووم،
زۆر جار دەڵێم،
هەزار خۆزگە،
تۆ دارێکی بەڕوو بووایەیت،
منیش شاخێک،
تۆم لە باوەش بگرتایە،
بۆ دوو، سێ، چوار،
هەزار ساڵێک.

# -٢٩-

# تۆ فریشتەی

کە بۆم دەرکەوت،
تۆ فریشتەی دابەزیوی،
بەهەشتی خودای ئاسمانی،
کە تۆم هەبێت لەم دونیایە،
ئیتر چی خەم،
خۆم ماندووکەم بۆ ئەو دونیاو
بۆ بەهەشت و حۆرییەکانی.

# -٣٠-

# پەنجەکانت

هێندە ئالۆزە ژیانم،
گووریسێکی،
پڕ لە هەزار گرێ کوێرە،
لە کەناری، چاڵی خاڵی،
گۆڕەکەمدام،
پەنجەکانی تۆ نەبێت، گەر،
ناکرێنەوە کە گرێکان،
گۆڕهەڵکەنیش پەلەیەتی،
بۆ داخزان.

# -٣١-

# خەیاڵی تۆ

خەیاڵی تۆ، دەبێت بە تیشک،
دەردەپەڕێت، لە دوو چاوم،
کە دەڕوانم،
بەرەو ئاسمان،
یەکیان دەبێت، بە هەتاو و
بە ئەستێرە،
ئەوی تریان.

# -٣٢-

# هەموو هەر تۆن

تاکو ئێستا،
هەر بە وێنە، من تۆم دیوە،
بە بۆنیشت مەست نەبووم و
لە گوڵزاری کوڵمانتدا،
گوڵێکیشم نەچنیوە،
بەڵام کاتێک،
پەنجەرەکەم دەکەمەوە،
بەیانییان،
تۆ دەبینم راوێستاوی،
لەسەرلقی دارسێوەکان،
لە کەناری دارچنارە تاقانەکە،
لەسەر پەڕی گشت گوڵەکان،

لەسەر پشتی ماسییەکانی،

نێو حەوزەکە،

لە قەفەسی قەنارییەکان،

داتپۆشیوە، دەوروبەرم،

وەکو چەترو وەکو سەیوان،

دەزانی بۆ نازدارەکەم،

چونکە نێوی تۆم پێداوون،

هەر هەموویان.

# -٣٣-

# جلی کوردی

لەوەتەی هەم،
کاتێک کە بیر،
لە فریشتەو پەرییەکانی،
نێو بەهەشتی،
پەروەردگار دەکەمەوە،
قەدو باڵای کیژی کوردم،
دێتە بەرچاو،
لە جوانیدا کە لە شەڕدان،
لەگەڵ مانگ و لەگەڵ هەتاو،
هەر یەکێکیان،
رەنگێک جلی لە بەردایە،
وەک پەپوولە،

لەگوڵزاری نێو بەهەشتدا،

لە هاتن و لە چووندایە،

کە تۆم بینی جلی کوردیت،

کە پۆشیوە،

بە سەرسامی ووتم راست بووم،

پەرییەکانی بەهەشت کوردن،

ئەم یەکەشیان،

هەرلەوێوە دابەزیوە،

چونکە زەمین تاکو ئێستا،

جوانی وەک تۆی،

بە خۆیەوە نەبینیوە.

# -٣٤-

# پایز و من

نازدارەکەم،
بۆ زەرد بوون و
بۆ وەرینی گەڵای دارێک،
لە پایزدا،
ئاهی گڕدار هەڵدەکێشی،
چاوەکانت، ئاو دەڕێژن،
کۆڵێک، بارێک و رووبارێک،
بۆ زەرد بوونی سەر و سیمام،
بۆ وەرینی گەڵای عمرم،
لە دووری تۆ،
نازانم بۆ،
فرمێسکێکت بۆم نەڕژاند،

رۆژێک، جارێک، یا تۆسقاڵێک،
وات لێکردووم، لە خەماندا،
کە ئێرەیی،
بەرمە چڵێک،
بە گەڵایەک و بە دارێک.

# -٣٥-

# پەیامێک بۆ هاوڕێیانم

هاوڕێیانم،
بیری ئەوە لەسەر دەرکەن،
ئەگەر مردم،
کە تەرمەکەم،
چۆن و لە کوێ بنێژرێت،
ئەم دڵڕەقەی دڵڕفێنم،
وەکو ئێستا،
گەر بە نازو گەر بە عیشوە،
بمسووتێنێت،
تا ئەو کاتە،
گۆشتم لەسەر ئێسک،
نامێنێ و

ئێسکەکەشم، وورد وورد دەبێت و
دەڕزێت،
ڕەوانیشم، بۆ بارەگای،
خوداوەندی، عشق ئەڤین،
هەڵدفڕێت،
کە وام لێهات،
هیچ شتێکم لێ نامێنێت،
ژێر گڵ بخرێت.

# -٣٦-

# جوانی تۆ

پەنام بردە، تابلۆ سازێک،
بە نێوبانگە، لە جیهاندا،
تابلۆیەکم بۆ بسازێت،
بانگی جوانی تۆهەڵبدا،
هەرچەند باسی جوانیم دەستکەوت،
لە دیوانی شاعیراندا،
ووشەی جوانی فەرهەنگەکان،
باسی چاو و
قەدوو باڵای فریشتەکان،
لە نێو بەهەشتی خودادا،
هەمووم، پێدا،
هوونەری خۆشی بێتە سەر،

بە بۆچوونی شارەزایان،
تابلۆیەکی، پڕ لە جوانی،
بە بێوێنەی درووستکردوو،
هێنایە دەر،
هەڵمسەنگاند،
کاتێ لەگەڵ جوانی تۆدا،
سەد مخابن،
ئەگەر بێت و تۆ دەریابی،
تابلۆکەی ئەو،
یەک دڵۆپێک لە جوانی تۆی،
پیشان دەدا.

# -٣٧-

# هەنگوین

هەنگوێن،
خۆ مێش هەنگ،
درووستی ناکات،
بەڵکوو دو لێوی خۆشەویستی دڵ،
بە خۆشم دەوێی،
کە نێوت دەبات.

# -٣٨-

# هێزی عشق

تا تۆم نەبووی،
ئەگەر هەوا، گەرم بووایە،
من بێزار بووم،
ئەگەر هەورو باران بووایە،
من خەمبار بووم،
هەتاو،
دەمگووت، دەمسووتێنێ،
بەفر دەست و
پەنجەکانم،
دەڕچێنێ،
شەو کابوس بوو،
خوا خوام بوو زوو،

کوتایی بێت،
کە رۆژ دەهات،
دەمگووت خودا،
کات بۆ هێندە،
هێواش دەڕوات،
لەو رۆژەوە چرای رووی تۆ،
هەڵبوو لە پێش دوو چاوانم،
گشت ئەوانەی کە باسکران،
جوان وەرگەڕان،
عاشقێکی شێت و شەیدای،
هەموویانم.

# -٣٩-

# شای جووانی

ئەگەر خودا
جوانییەکەی تۆی.
بە گشت ژنانی تر دەدا،
پێویست نەبوو ئیتر بەهەشت،
درووست بکا،
زەمین دەبوو بە بەهەشت و
ژنەکانیش پەرییەکانی،
دڵنیابە نازدارەکەم،
ئەوساش هەرتۆ
دەبووی بە شای جوانەکانی.

# -٤٠-

# قومار

1. بە دڵێکی نوێوە دەرچووم،
گەڕامەوە،
بە بێ دڵ بووم،
بە بێ گوڵ بووم،
کە رۆیشتم،
گەڕامەوە خاوەن گوڵ بووم.
2. خەڵکانی تر لە قوماردا،
پوول و پارە دەدۆڕێنن،
من لە شاری بەفرو باران،
دڵم دۆڕان،
بە گووڵێکی لە جوانیدا،
بە بێ شێوە،

دڵیشم بۆ کرد بە گوڵدان،
ئەویش بە پەڕی لێوانی،
کۆڵەباری زەردەخەنەو
بۆنی خۆشی بە سەر سینەمدا،
دەڕژان،
وامدەزانی هەمیشەیی و سرووشتییە،
سەد مخابن دەستکرد دەرچوو،
کاتێک پەردەی رووی هەڵکشان.

**-٤١-**

چیرۆکە شعر:

# چیرۆکی دار قەڵەمتۆزەکە

کە منداڵ بووم،
درەختێکی قەڵەمتۆزی
قەد باریک و بەرزی لێبوو،
حەوشەکەمان،
هێندە بەرز بوو،
بەرزتر لە گشت درەختەکان،
گەڵاکانی داچۆڕا بوون،
وەکو فرمێسکی عاشقان،
یا با بڵێین وەکو قژی،
کیژە لاوێکی پەریشان،
بە پاڵیدا دار هەنارێک هەڵکشابوو،

گەیشتبووە کەمێک خوارتر،
لە تاڵی نەرمی چڵەکان.
ئەگەر کاتێک لەماڵەوە،
قژی یەکێکم دەکێشا،
بە دار لاستێک،
بادەیەکم یا دەشکان،
جاروباریش یارییەکانم لێ تێکدەدان،
گەورەکانی ماڵەوەمان،
راویان دەنام،
دەمیان رەتان،
بەو دارەدا هەڵدەگژام،
لە سەر لقێک دادەنیشتم،
ببوە سەنگەرو پەناگام،
زۆر جارانیش هەر لەوێوە،
بەردەبوومە هەڵکەنینی،

هەناری چڵە بەرزەکان.
ئەمڕۆش کاتێک کە تۆم بینی،
قەد باریک و بەرزە باڵا،
وەکو داری بنی ئاڵا،
لە ناوقەدیش کەمێک بەرزتر،
باغ و بێستانی پڕ لە دار،
لیمۆ، شۆرە سێو و هەنار،
گەوتمە بیری منداڵیم و
درەختەکان.
کاتێک کەوتمە بەر هێرشی
تیری نیگات،
لە ترساندا پەنام بردە،
داری باڵات،
سەد مخابن کە منداڵ بووم،
دەکەوتمە هەنار خواردن،

بە قەپ لێدان،
بەڵام ئەمڕۆ بێدانی وایلێکردووم،
بیانمژم نەرم، نەرم،
بە دوو لێوان.

--------------------

قەڵەمتۆز= کالپتۆس.

# -٤٢-

# داستانی عشقم

تا قەنارییەک،
مابێت لە جیهان،
باسی من دەکەن، بۆ نەوەکانیان،
هێندە گریانی منیان،
هاتە گوێ،
لە خەمی عشقت،
بۆم بە چیرۆک و بە داستان،
بۆیان.

# -٤٣-

# ووشەی دڵم

ئەگەر هات و
قەنارییەکان،
ئەمجارەیان،
لەسەر لێوی پەنجەرەکەت،
هاتنە وێستان،
گەر یەکێکیان،
پڕ بە دەنگی هاواری کرد،
خۆشم ئەوێی،
ئەوە ووشەی دڵی منە،
ئەو دەیهێنێتە سەر زمان.

## -٤٤-

# هەنگوینە چاو

چاوم بینی،
شین، شین، شین، شین،
وەکو ئاسمان،
چاوم بینی،
سەوز، سەوز، سەوز، سەوز،
وەک، نێوەراستی،
دەریاکان،
چاوم بینی،
رەش، رەش، رەش، رەش،
وەکو شەوان،
بە بێ مانگ و ئەستێرەکان،
بەڵام هەرگیز نەمبینیبوو،

چاوێک وەکو چاوانی تۆ،
بە شانە هەنگوێن درووست کات،
لە بریتی مێشهەنگەکان.

## -٤٥-

# هەتاوم

لەو رۆژەوە کە تۆم بینی،
جیهان گۆرا لەبەر چاوم،
شەو و رۆژم، شەوبوو دەیجوور،
شەو دەرپەڕی، رۆژمایەوە،
کاتێک کە بوویت بە هەتاوم.

## -٤٦-

# خەیاڵی تۆ

کاتێک دەنووم،
کە هەڵدەستم،
دادەنیشم،
کە ڕێدەکەم،
خۆم و دونیام لە بیر دەچێت،
ماوەیەکە نازانم بۆ،
تەنهاو تەنها، دەکەومە،
خەیاڵی تۆ؟

# -٤٧-

# جوانیت هێزبەخشە

پێکرا مانگ و ئەستێرەکان،
دەم بە تکا،
دەست بە دامان،
راوێستاوون، لە بەر دەرگای،
عەرشی تۆدا،
کە رووی خۆتیان،
بدەیت پیشان.
تا لە جوانیت هێز وەرگرن،
کە شەو دادێت،
لە روویان بێت،
کە دەرکەون،
خۆ پیشاندەن بە عاشقان.

# -٤٨-

# خۆت لە هەتاو مەشارەوە

خۆت لە هەتاو مەشارەوە،
ئەویش شەیدای،
جوانی تۆیە،
خەمی ئەوەی کە ناتبینێت،
لە پشتی هەور خۆی ماتداوە،
خەریکی شین و رۆڕۆیە.

# -٤٩-

# ئێرەیی بە (با)

لە خەونمدا، دانیشتبووین،
لەسەر تەنەی،
درەختێکی کەمەر شکاو،
لێوت، پڕ لە زەردەخەن بوو،
چواردەوریشت،
رایەخێکی لە چەمەن بوو،
هێندە جوان بوویت لە تاواندا،
لەسەرتا پێم ببوو بە ئاو،
سەر سوڕماو و گێژوو دەبەنگ،
بە دەوری خۆمدا دەسووڕام،
وەک پەپوولە بۆ گڕی شەم،
لە گردی گوڵ،

وەکو مێشهەنگ،
نەمدەزانی بڕوانمە،
کام بەشی لەش،
ئەبرۆ، برژانگ،
لێو یا گۆنا،
یا دوو چاوی،
وەک هەتاو گەش،
تەڵی قژی سەماکەرت،
بە ئاهەنگی شنەی شەماڵ،
یا وێستانی چاوەکانت،
زۆر بە دیقەت،
هەندێ جاریش، لەسەر یەک خاڵ،
هیچ دەزانی (حسود) نەبووم لە ژیاندا،
ئەو ساتە بوو ئێرەییم برد،
بە شنەی با،

ئارەزووم بوو،
پەنجەکانی بقرتێنم،
بە دوو دەستم، گەرووی بگرم،
بیخنکێنم،
کە دەمبینی نەرم، نەرم،
لەگەڵ قژی تەڵی خاوت،
یاری دەکا،
جاروباریش بە بێ شەرم لە بوونی من،
کراسەکەت،
بەرەو سەری ئەژنۆکانت،
وردە، وردە، دێنێ و دەبا،
خۆ وەخت بوو لە خەماندا،
لە دەستدەم گیان،
کاتێک بەرەو سوخمەی سینەت،
هێرشی برد،

بای بێویژدان،
خوا (رحمی) کرد،
هەزار سوپاس،
بۆ قەیتان و بۆ دوگمەکان،
وا نەبوایە،
دوو رووداوی دڵتەزێنی،
سەیر روویدەدا،
ئەو سنوورەی بەزاندبا،
یا کوتایی ژینی من بوو،
یا مەرگی (با)،
نەمانی (با)ش،
یانی مەرگی گشت گیانداران،
لە نێو جیهان.

## -٥٠-

# رازی نیگات

تا چاوانی تۆم نەبینی،
بێبەش ببووم،
لە دیتنی ئەم جیهانە،
چاوانی تۆ وایلێکردم،
کە بزانم چەندی جوانە،
چونکە رازی جوانییەکانی،
لە نیگای تۆدا پەنهانە.

# -٥١-

# چاپكراوەكانم

1. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە. بەشی یەکەم. ساڵی ١٩٧٠.
2. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە، بەشی دووهەم. ساڵی ١٩٧٣.
3. بازاڕی شۆریجە. چیرۆک و رووداو. ١٩٧٣ .
4. دهۆک و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە. ١٩٧٣ .
5. پەپوولەی باڵ شکاو. هەڵبەست و پەخشان، کۆتایی ١٩٧٥ .
6. سکاڵای کوردێکی دڵسۆز. شعر، ١٩٧٦ .
7. کۆترەکەم و شۆڕشی کوردستان، ١٩٧٦.
8. وازم لێبێنن دڵداری ناکەم. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە، ١٩٧٦ .

9. ڕەشەبای ڕقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت. چاپی یەکەم، ١٩٨٥، لندن.
10. هەمان کتێب. ساڵی ١٩٨٦ .
11. ئیملا. وەرگێڕاو، لە فارسییەوە، ١٩٨٧ .
12.سۆتۆ و تەتۆ. وەرگێڕاو، ١٩٨٨ .
13. نەسرین. ساڵی ٢٠٠٠ .
14.نەسرین. تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە، چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە، ٢٠١١.
15. بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی. لە ساڵی ١٩٧٤ لە گەرمەی شەڕدا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا.
16.کیژە کوردە بەرلینییەکە. هەڵبەست، ٢٠١١

17. بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد. هەڵبەستی سیاسی، ساڵی، ٢٠١١.

18. ژن سەرچاوەی شعرە. شعری رۆمانسی، ساڵی، ٢٠١١.

19. کوردستان سەرزەمینێکی جادو لێکراو. شعری سیاسی، ساڵی، .٢٠١٤.

20. کیژێک بە نێوی پێنج خاڵ. شعری رۆمانسی، ساڵی ٢٠١٤.

لەگەڵ ئەوانەدا کە نێوبران، بە دەیان کورتە چیرۆک و چیرۆکی شانۆگەری و شعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی، عارەبی و فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامەو وەرزنامەی جۆراوجۆردا، بڵاوکردووەتەوە، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە.

جگە لەوانەی کە باسکران، بە دەیان کۆڕو سمینارو وانەی تەلەفزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز.

# -٥٢-

# چاپنەکراوەکانم

1. لە روانگەی پێشمەرگەیەکی سەرشێتەوە. هەڵبەستی سیاسی.
2. ووڵاتی شارە زەردەواڵەکان، کورتە چیرۆک.
3. مانیفیستۆی بیری کوردایەتی: پەیرەو و پرۆگرامی بیری کوردایەتییە.
4. هیچ: کورتە چیرۆک بۆ شانۆ.
5. خەلیلە شێت: شێتێک کە ووتەکانی هۆشیارانی سەرسام دەکرد.
6. هێرشی تەڵە قژە یاخییەکان: هەڵبەستی رۆمانسی.
7. تەنەکەی زبڵی خودا. چیرۆک و بەسەرهات.
8. هەزار کیلومەتر خوێن. بەسەرهاتی کوردانی ئەنفالکراوە.
9. فرمێسکەکانی شەوبۆ: شعری رۆمانسی.

10. یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە ٤٠٠٠ ساڵ، چۆن فرۆشرا.
11. مەکری پیاوانی کورد. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە.
12. مامۆستای دێیەکەمان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە، لە ساڵی ١٩٧١ لە چەند دانەیەکدا چاپکراو بڵاوکرایەوە. شایانە بگووترێت بڕێک لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاونەترس و بوێر، لە گەڕەکی شۆرجە لەسەر شانۆ نواندیان.
13. زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئاینەکەی.
14. زەردەشت تاوانبارکراوێکی بێتاوان.

لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەو تاوانانەی نایارانی چەسپاندوویانە بە ئاینەکەیەوە.

15. بەڵێ زەردەشت کورد بوو.
16. کاریگەری زەردەشت لەسەر جوولەکەو ئیسلام. هەروەها لەسەر سوقرات و ئەفلاتوون و بڕێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان.
17. گەشت بۆ نمرە هەشت. چاپی دووهەم.

18. ئابووری سیاسی. سەرەتایەک بۆ لاوان.
19. پێشەکییەکە بۆ سیاسەت.
20. مام إحسان و مەلا مستەفا بارزانی. باس لە یەکەمین چاوپێکەوتنی خوا لیخۆشبووان، ژنرال إحسان نوری پاشا، سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە ژوورەکەی مندا روویدا و کورتەیەک لە گووتووبێژەکانیان. هەروەها بردنی مام إحسان بۆ ماڵی بارزانی لە (عظیمیة)ی (کرج)ی لە ئێران، پاش ٣ ساڵ لە یەکەمین چاوپێکەوتنەوە. هەروەها بۆ شێخ مسعود بارزانی، لەسەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ درووست کردم. کوورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکاندا باسکراوە. بەم زوانە بە شێوەی کتێب، بڵاوی دەکەمەوە.

21. لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە. باس لە ئێرەیی نێوان خێزانەکان دەکات.
22. پشکنەر کۆڵۆمبۆ لە کوردستان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە باس لە چۆنییەتی پەیداکردنی ئەو کەسە دەکات کە پیلانی دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی لە گۆر|، دارڕژاند، لە لایەن پشکنەر کۆڵۆمبۆوە، کە لە ئەمریکاوە بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابوو.
23. نامێلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وەردەگێڕدرین بۆ کوردی و عارەبی.
24. بیرەوەرییەکانم لە چەند بەشێکدا لەوانە:
25. أ- بۆنی شیرو سیاسەت. ژیانم بەر لە ساڵی ١٩٦٨.
26. ب- ١٩٦٨ دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی ١٩٦٤ چی بوو، چۆن روویدا؟ دەستپێک و ئاکام.
27. پ- پاراستنەکەی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ یا رووخێنەرەکەی؟ بەڵێ من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد و ئاکام.

28. ج- دوای کوشتنم. ژیانم دوای ١٩٦٨ و تا ١٩٧٥.
29. چ- هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥. ژیانم لە تاراوگە، لە ئێران و سوریاو ئەوروپا. بە درێژی باس لە یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی دەکەم کە من دامەزرێنەرەکەی بووم پاش هەرەسەکە، بە بەڵگەوە و چۆن هەرەسهێنەران هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا. چۆن بیری گۆڕانم لە سیستەمی سیاسی کوردستاندا هێنایە بوون و شەمی دەستپێکردنیم هەڵکرد لە تەلەفزیۆنی میدیادا بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری ١/١١/٢٠٠٠.
30. د- شۆڕشێک کە ئاواتەکانی لە بار چوون.
31. هۆرەکانی شەکسپیر. ئینگلیزی و کوردییە. ئایا شەکسپیر ئەو بلیمەتەیە کە باسی لێدەکەن؟
32. شارەکەم کەرکووک. لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا. کوورتەیەکی لە

ڕۆژنامەی بارزاندا کە لە ئەمەریکا دەردەچوو بڵاو بووەتەوە.

33. لە پێناوی مێردەکەیدا. بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا. بەشی یەکەم: لە پێناوی مێردەکەیدا و بەشی دووهەم: لە پێناوی کوڕەکەیدا.

34. تهاتف التهافتين. امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی أحمد أبو حامدی الغزالی،لە ساڵی ١٠٥٩ی زایینی لە شاری تووسی خۆرهەڵسانی ئێران، هاتووەتە جیهانەوەو لە ١١١٤ کۆچی دوایی کرد. لە نێوانی ساڵانی ١٠٩١ تا ١٠٩٥ کتێبی (تهافت الفلاسفة- رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان)ی نووسی و زۆر لە بیرووباوەڕی فەیلەسووفەکانی یۆنان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کرد و ڕامالّکاند. دوای تێپەڕبوونی ٦٧ ساڵ بەسەر لە دایکبوونیدا، لە (قرطبة)ی وولاتی ئەندەلووسدا، یانی لە ساڵی ١١٢٦ ی زایینی أبی الولید محمد کوڕی أحمد کوڕی محمد

ابن رشد القرطبی، هاتە جیهانەوە و لە ساڵی ١١٩٨ دا لە مراکش کۆچی دوایی کرد.

ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت- رووخانی رووخێنەرەکە)، کە مەبەستی، رووخانی کتێبەکەی (الغزالی) بوو، کە ئەویش برێکی زۆر لە بۆچوونەکانی (الغزالی) پۆچەڵ کرد.

بە یاری پەروەردگار، من لە تەواو کردنی دوا بەشەکانی کتێبێکم کە پتر لە ٣٠ ساڵە کاری لەسەر دەکەم بە نێوی ( تهافت التهافتین- رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە) کە لە رێگەی ئەو کتێبەوە لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا، هەوڵ دەدەم کە پشتی ئەو دوو کەڵە سوارە بکووتم بە زەمینداو زۆر لە بۆچوونەکانیان لە چاڵ بکەم. چاوەڕوانی بن.

35. خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت. را و بیرووبۆچوونەکانمە لەمەڕ فەلسەفەو

گیرووگرفتەکانی. ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی ١٩٩٢ دا بڵاوببێتەوە، بەڵام بەداخەوە وەک لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاوکرایەوە، تەنیا بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەرۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شعر و چیرۆک و نووسراوی جۆراوجۆری دیکەی بڵاو نەکراوەیان بە پیلانێکی زۆر پەلیدانە، لە ماڵەکەمدا دزی بە کۆمپیوتەرو (فلۆپی دیسک)ەکانیشەوە و تا ئێستاش دزەکان هەر نەدۆزرانەوەو سێ وولاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبار کرد بە ئەنجامدانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە.

بەو هۆیەوە لەو کاتەوە بە رۆژ و شەو بە کوون و قووژبنەکانی مێشکمدا لە گەڕاندام بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی ناوەڕۆکەکەی و لە خوا بە زیاد بێت وورده وورده خەریکم دیوارەکانی بەرزدەکەمەوەو بە کوێری چاوی دوژمنانی زانست و زانیاری راست

و پاک و رەسەن، بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەپۆشم.

لەو کتێبەدا دەگەنە ئاکامی ئەو پرسیارانەی کە سالیانێکە لە مێشکتاندا هاتووەتە بوون وەکو:

بۆ لە داییکبووین؟ مەبەست لەم هاتن و چوونە بە پەلەیە چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ چین و لە کوێدان؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو بەرەو کوێ دەڕوات؟ خودا ئێمەی درووستکردووە یا ئەو درووستکراوی بیری ئێمەیە؟ ئاینەکان، زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە درووستبوونیان چییە؟ ئایا پێغەمبەرەکان، خودا هەڵیبژاردوون یا ژیری بیری خۆیان هێناویانیەتە بوون؟ فەیلەسووفەکانی جیهانی رۆژئاوا، ئەگەر لە سەرزەمینی پێغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی جیهان بە تایبەت روژهەڵاتی نێوەراست، بهاتابانە جیهانەوە، هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا دەگووترا پێغەمبەر بە پێچەوانەشەوە؟ ئایا خودا گیاندارانی بە مرۆڤ و

ئاژەڵ و درەختەوە درووست کردووە، یا لە تۆزوخۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتوونەتە بوون وەک (ئاینشتاین) و هاوبیرانی بۆی دەچن؟ تیژڕەوی مادە (السرعة)، هێز زۆرتر دەکات یا کێش وەک ئاینشتاین رای لەسەر دووهەمیانە؟ ئەو کونە رەشانەی کە جاروبار، بەرچاوی تەلەسکۆپە زەبەلەحەکان دەکەون چین؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەک زانایان بۆی دەچن یا شتێکی دیکە؟

خودا یار بێت پێش یا پاش مردنم دەکەوێتە بەرچاوتان.

# -٥٣-

# من کێم

لە ژیانمدا، بەسەرهات، رووداو، هەڵوێست، خەم، ئازار، بڕوانامە، گەڵێک زۆرن کە شانازیان پیوە بکەم، بەڵام شانازییەکی کە لەسەرووی هەموو ئەوانەوەیە، ئەوەیە کە، من لە داییکبووی گەڕەکی شۆرجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم.

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کەرکووکدا تێپەڕاند، بکالۆریس و چەندین ماستەرو دکتۆرام لە زانکۆی تاران و لەندەنی بەریتانیا بە دەست هێناوە.

خوێندنەوەو نووسین لە سەرەتای ژیانمەوە ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووە، هەروەها هەوڵدان لە پێناوی بەدەست هێنانی بڕوا نامەی بەرزدا لەو

بووارانەی کە لە منداڵییەوە پلان و نەخشەم بۆ کێشابوون. سوپاس بۆ خوا ئەوپەڕی سەرکەوتنم بە دەست هێناوە و گەیشتووم بە ئارەزووەکانم.

شایانە بگووترێت کە ئامۆژگاری هەمیشەیی و سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەت لاوان، ئەوە بووە کە پێی توانا هەوڵی ئەوە بدەن کە ڕێگەی خوێندن بگرنەبەر چونکە ئاکامەکەی لە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیاندا دەبێت و پڕ سوودترین دەرمانیشە بۆ چارەسەرکردنی ئێش و ئازارە درێژ خایەنەکەی نەتەوەکەمان کە هەزاران ساڵە پێیەوە دەناڵێنێت.

وەک لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لەگەڵ نووسیندا پەیدا کرد. بێگوومان بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە هاندەری سەرەکی بوو. بۆ تێکەڵ بوونیشم لەگەڵ سیاسەتدا، کەمبوونی

خوێندەوار بوو لە نێو بەتەمەن گەورەترەکانی گەڕەکەکەماندا، بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەوە دەردەچوون، لە دوایشدا لەلایەن شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١وە، کە تا بڵێی، کەم و کوورت و ناوەڕۆک لاوازیش بوون.

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەر و شەهید (حسیب محمد بگ) و (عمر شریف زەنگەنە)م، کە ئەو دوو کوردپەروەرە بوون بە مەشخەڵ و رێگەی پاکی کوردایەتییان پیشاندام و تاوەکو ئەمڕۆ لەسەری ماوم و تا دوا هەناسەش هەر دەمێنم.

لەمەڕ نووسینەوە، وەک ئاماژەم بۆ کرد، کەمبوونی بڵاوکراوەی حزبی و تینووبوونی خەڵک بۆ زانینی هەواڵ و سەردەرهێنان لە هەندێک بیرووبۆچوونە سیاسییەکان، هاندەرم بوون بۆ

ئەوەی بە نێوی دەزگای راگەیاندنی شۆڕشەوە بابەت بنووسم و بخوێنمەوەو و سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕش و لێپرسراوەکانی بێت.

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی (گەشت بۆ نمرە هەشت)، کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیروسەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوێیەکەیدا بخوێنرێتەوە)، یەکەمین نووسراومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قووتابی ساڵی یەکەمی ناوەندی بووم.

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم و نە کۆمۆنیست، بەڵام ئەوەی کە منی نەدەناسی و نەیدەزانی نووسەرەکەی لاوێکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی دەخوێندەوە، کتوپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی تەمەنداری نووقم بوو و کووڵاوی نێو مەنجەڵی بیرووباوەڕی کۆمۆنیستییە. ئەوەی سەیرە و زۆریش لە نزیکانی خۆم بە هەمان شێوە بیریان

لێدەکردمەوە، تا رادەیەک بابم چەند جارێک هێنای بە زماندا کە "ئەوەندەی نەشرە بۆ شیوعییەکان خوێندەوە، خۆیش بوو بە شیوعی." لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێک دەکات کە قوتابخانەی شۆرجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی دوبز (نمرە ٨) ی نزیک بە کەرکووک، بۆ سەیرانێکی یەک رۆژە. کتێبەکە دووانە لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و ئەو رووداوانەی کە تیبینیم کرد و ئەو جیاوازییانەی لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێدا کە زۆربەی هەرە زۆریان ئینگلیز بوون، لەگەڵ شێوەی ژیانی خەڵکە کوردەکەی خودی دووبزداو ئێمەی دانیشتوانی گەڕەکی شۆرجەی هەمان شاردا کە کەرکووک بێت. هەروەها باسم لە چەند رووداوی خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆش و ناخۆشی منداڵانە کردووە.

# -٥٤-

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆکەکەم بە گوێرەی ژمارەی سەر شعرەکان داناوە، نا، لاپەڕەکان.


0. پێشکەش.
1. هێمای تۆ.
2. بارانی خۆشەویستی.
3. ئاوابوونی هەتاو.
4. رازی پشت پەردە.
5. رووداوێکی خۆشەویستی.
6. قەنارییەکان باس لە جوانی تۆ دەکەن.
7. جوانیت.
8. من و شەم و پەپوولە.
9. کە خەمباریت.
10. نیگای چاوت.

11. فرمێسکی گوڵ.
12. پەری و بەهەشت.
13. تۆ پەرستی.
14. شای جوانان.
15. نازانم کەی.
16. بەفرو تۆ.
17. خاڵی قیبلە.
18. تۆ و من و پەپوولە.
19. دووریت.
20. تاری قژی یار.
21. گوومان لە هەتاو.
22. لە باوەشی شەپۆڵەکاندا.
23. سەرژمێری هەڵە.
24. گوللەبەند.
25. ئەستێرە.
26. گڕی چاوت.
27. تیری چاوت.

28. من و تۆ.
29. تۆ فریشتەی.
30. پەنجەکانت.
31. خەیاڵی تۆ.
32. هەموو هەر تۆن.
33. جلی کوردی.
34. پاییزو من.
35. پەیامێک بۆ هاوڕێیانم.
36. جوانی تۆ.
37. هەنگوین.
38. هێزی عشق.
39. شای جوانی.
40. قومار.
41. چیرۆکی دار قەڵەمتۆزەکە.
42. داستانی عشقم.
43. ووشەی دڵم.
44. هەنگوێنە چاو.

45. هەتاوم.
46. خەیاڵی تۆ.
47. جوانیت هێزبەخشە.
48. خۆت لە هەتاو مەشارەوە.
49. ئێرەیی بە (با).
50. رازی نیگات.
51. چاپکراوەکانم.
52. چاپنەکراوەکانم.
53. من کێم.
54. ناوەرۆک.

# سوپاس و پێزانین

* دەڵێن مێژوو دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی ناخۆشتر دەبێت لەوەی پێشووتر. ئەمجارەیان بۆ من دووبارە بووەوە، بەڵام بە شێوەیەکی خۆشتر. بەر لە ٤٦ ساڵ کە بەشی یەکەمی چوارینەکانم بڵاوکردەوە لە کتێبکدا و لە ژێر نێوی (چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە)، کەسێک کە ئەرکی بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی گرتە ئەستۆ، ئامۆزاو هاوڕێی خۆشەویستم محمد لطیف عارف بوو، کە ئەو سەردەمە نە ئوتۆمۆبیلی هەبوو و نە پاصیش بۆ هەموو لایەک دەچوو و هەموو ئەو کتێبانەی بە بایسکیل دابەشکرد، ئێستاش جارێکی دیکە وەکو شێر هاتە مەیدانەوەو ئەرکی سەرپەرستی کردن و دابەش کردنی ئەم شەش کتێبەی دوایشی گرتە ئەستۆ. بەرامبەر بەو هەڵوێستەی تەنها دەتوانم بڵێم سوپاس محمد گیان و خوای گەورە تۆم بۆ بهێلیت و تەمەن درێژ بکات و پاش ٤٦ ساڵی دیکە و دوای مردنی من ئەو کتێبانەشم لە چاپ بدەیت کە بە پشتیوانی خودا ئامادەیان دەکەم.

*کاک عبدالرحمنی خۆشنووس هاوڕێیەکی خۆشەویستی دیکەمە کە ئەویش بە هەمان شێوە لە هەمان ساڵدا بە خەتە نایابەکەی بەرگی یەکەمی هەمان کتێبی بۆ رازاندمەوە، دیسانەوە ئەمڕۆ ئەویش هاتەوە مەیدان و دەستی یارمەتی خۆی درێژ کرد بە هەموو شێوەیەک بە تایبەت، پەیداکردنی چاپخانەی هەرزان و باش لە رێگەی ئەو هاوڕێتییەوە کە لەگەڵ بەڕێزانی چاپخانەداردا هەیەتی. سوپاسی بێ پایانیش بۆ ئەو هاوڕێ دێرینەم و هیوای تەمەنێکی درێژی پڕ لە کامەرانی بۆ دەخوازم.

* بێئەندازە سوپاسی ئامۆزای ئازیزم مامۆستا فرید محمدأمین شەربەتچی (زەنگەنە) دەکەم کە دڵسۆزانە هاتە پێشەوەو چەند مانگێک بەر لە ئەمڕۆ ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ سەرپەرستی کردنی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکان، کە لەبەر زۆری کتێبەکان و سەختی دابەشکردنی نەمویست ماندووی بکەم و ئەو ئەرکە سەنگینەی بخەمە ئەستۆ، خوا بۆمانی بهێڵێت بە خۆشی و تەندرووستییەکی باشەوە و هەڵوێستەکەی هەرگیز لە بیر ناکەم.

* سوپاسی بێ پایان، بۆ کاکە (چالاک) نەوزاد لطیف عارفی خۆشەویست، کە ئەویش دڵسۆزی خۆی پیشانداو سوارچاکانە هاتە گۆڕەپانەوەو شان بە شانی ئازیزانی دیکە قۆڵی لێهەڵماڵی بۆ دابەشکردنی کتێبەکان، تەمەن درێژ بێت بە خۆشیٚ و شادی و خوا بیگەیێنێت بە ئارەزووەکانی.

* سوپاسی باوکانە بۆ خۆشەویستانم پەرەسێلکەی کچم و پیرسی کوڕم، کە ئەرکی (پارەی) لە چاپدانی هەر شەش کتێبەکەیان گرتە ئەستۆ. خوای گەورە ئەوان و پەیامی برایانم ، بۆ بهێلێت و هیوای سەرکەوتنی زۆرتریان بۆ دەخوازم لە هەموو بووارەکانی ژیاندا.

# -50-

# Razî Nîgat

Ta çawanî tom nebînî,

bêbeş bibûm,

le dîtinî em cîhane,

çawanî to waylêkrdm,

ke bzanm çendî cwane,

çunike razî cwanîyekanî,

le nîgayi toda penhane.

hêrşî brd,

bayi bêwîjdan,

xwa (rḧmî) krd,

hezar supas,

bo qeytan û bo dugmekan,

wa nebwaye,

dû rûdawî dlltezênî,

seyr ruwîdeda,

ew sinûreyi bezandba,

ya kutayî jînî min bû,

ya mergî (ba),

nemanî (ba)ş,

yanî mergî gşit giyandaran,

le nêw cîhan.

be şneyi ba,

arezûm bû,

pencekanî bqrtênm,

be dû destm, geruwî bigirm,

bîxinikênm,

ke dembînî nerm, nerm,

legell qjî tellî xawt,

yarî deka,

carubarîş be bê şerm le bûnî min,

kraseket,

berew serî ejnokant,

wrde, wrde, dênê û deba,

xo wext bû le xemanda,

le destdem giyan,

katêk berew suxmeyi sînet,

le grdî gull,
weku mêşheng,
nemdezanî birrwanme,
kam beşî leş,
ebro, brjang,
lêw ya gona,
ya dû çawî,
wek hetaw geş,
tellî qjî semakert,
be ahengî şneyi şemall,
ya wêstanî çawekant,
zor be dîqet,
hendê carîş, leser yek xall,
hîç dezanî (ḧsud) nebûm le jiyanda,
ew sate bû êreyîm brd,

# -49-

# êreyî Be (ba)

Le xewnmda, danîşitibuwîn,

leser teney,

drextêkî kemer şkaw,

lêwt, prr le zerdexen bû,

çwardewrîşit,

rayexêkî le çemen bû,

hênde cwan buwît le tawanda,

leser ta pêm bibû be aw,

ser surrmaw û gîjû debeng,

be dewrî xomda desûrram,

wek pepûle bo grrî şem,

# -48-

# Xot Le Hetaw Meşarewe

Xot le hetaw meşarewe,

ewîş şeyday,

cwanî toye,

xemî eweyi ke natibînêt,

le pşitî hewr xoyi matdawe,

xerîkî şîn û rorroye.

# -47-

# Cwanît Hêzbexşe

Pêkrra mang û estêrekan,

dem be tka,

dest be daman,

rawêstawun, le ber dergay,

'erşî toda,

ke ruwî xotiyan,

bideyt pîşan.

ta le cwanît hêz wergirin,

ke şew dadêt,

le rûyan bêt,

ke derkewn,

xo pîşanden be 'aşqan.

# -46-

# Xeyallî To

katêk denûm,

ke helldestm,

dadenîşm,

ke rêdekem,

xom û dunyam le bîr deçêt,

Maweyeke nazanm bo,

tenhaw tenha, dekewme,

xeyallî to?

# -45-

# Hetawm

Lew rojewe ke tom bînî,

cîhan gora leber çawm,

şew û rojm, şewbû deycûr,

şew derperrî, rojmayewe,

katêk ke buwît be hetawm.

bellam hergîz nembînîbû,
çawêk weku çawanî to,
be şane hengwên drûst kat,
le brîtî mêşhengekan.

# -44-

# Hengwîne Çaw

**Ç**awm bînî,

şîn, şîn, şîn, şîn,

weku asman,

çawm bînî,

sewz, sewz, sewz, sewz,

wek, nêwerastî,

deryakan,

çawm bînî,

reş, reş, reş, reş,

Weku şewan,

be bê mang û estêrekan,

# -43-

# Wuşeyi Dllm

Eger hatw
qenarîyekan,
emcareyan,
leser lêwî pencereket,
hatine wêstan,
ger yekêkiyan,
prr be dengî hawarî krd,
xoşm ewêy,
ewe wuşeyi dllî mine
ew deyhênête ser ziman.

# -42-

# Dastanî 'şqm

Ta qenarîyek,

mabêt le cîhan,

basî min deken, bo newekaniyan,

hênde griyanî minyan,

hate gwê,

le xemî 'şqt,

bom be çîrok û be dastan,

boyan.

le tirsanda penam brde,

darî ballat,

sed mxabin ke mindall bûm,

dekewtme henar xuwardin,

be qep lêdan,

bellam emirro bêdidanî waylêkrdûm,

biyanmjm nerm, nerm,

be dû lêwan.

---

Qellemtoz= Kalptos.

le ser lqêk dadenîşitm,
bibwe sengeru penagam,
zor caranîş her lewêwe,
berdebûme hellkenînî,
henarî çlle berizekan.
emirroş katêk ke tom bînî,
qed barîk û berize balla,
weku darî binî alla,
le nawqedîş kemêk beriztir,
baẌ û bêstanî prr le dar,
lîmo, şore sêw û henar,
gewtme bîrî mindallîm w
drextekan.
katêk kewtme ber hêrşî
tîrî nîgat,

weku frmêskî 'aşqan,
ya ba billêyin weku qjî,
kîje lawêkî perîşan,
be pallîda dar henarêk hellkşabû,
geyşitibuwe kemêk xwartir,
le tallî nermî çllekan.
eger katêk le mallewe,
qjî yekêkm dekêşa,
be dar lastêk,
badeyekm ya deşkan,
çarubarîş yarîyekanm lê têkdedan,
gewrekanî malleweman,
rawyan denam,
demiyan retan,
bew dareda helldegjam,

# -41-

# Çîrokî Dar Qellemtozeke

Çîroke Ş'r:

Ke mindall bûm,

drextêkî qellemtozî

qed barîk û berizî lêbû,

ḧewşekeman,

hênde beriz bû,

beriztir le gşit drextekan,

gellakanî daçorra bûn,

dllm dorran,

be gûllêkî le cwanîda,

be bê şêwe,

dllîşm bo krd be gulldan,

ewîş be perrî lêwanî,

kollebarî zerdexenew

bonî xoşî be ser sînemda,

derrjan,

wamdezanî hemîşeyî û sirûşitîye,

sed mxabin destkrd derçû,

katêk perdeyi ruwî hellkşan.

# -40-

# Qumar

## 1.

Be dllêkî nwêwe derçûm,
gerramewe,
be bê dll bûm,
be bê gull bûm,
ke royşitm,
gerramewe xawen gull bûm.

## 2.

Xellkanî tir le qumarda,
pûl û pare dedorrênin,
min le şarî befru baran,

# -39-

# şayi Cuwanî

Eger xuda

cwanîyekeyi toy.

be gşit jnanî tir deda,

pêwîst nebû îtir beheşit,

drûst bika,

zemîn debû be beheşit w

jnekanîş perîyekanî,

dllinyabe nazdarekem,

ewsaş herto

debuwî be şayi cwanekanî.

xwa xwam bû zû،

kutayî bêt،

ke roj dehat،

demgût xuda،

kat bo hênde ،

hêwaş derrwat،

lew rojewe çirayi ruwî to،

hellbû le pêş dû çawanm،

gşit ewaneyi ke baskran،

cwan wergerran،

'aşqêkî şêt û şeyday،

hemûyanm.

# -38-

# Hêzî 'şq

Ta tom nebuî،

eger hewa, germ buwaye،

min bêzar bûm،

eger hewru baran buwaye،

min xembar bûm،

hetaw،

demgût, demsûtênê،

befr dest û

pencekanm،

derrçênê،

şew kabus bû،

# -37-

# Hengwîn

**H**engwên،

xo mêş heng ،

drûstî nakat،

bellkû du lêwî xoşewîstî dll،

be xoşm dewêy،

ke nêwt debat.

hûnerî xoşî bête ser،

be boçûnî şarezayan،

tabiloyekî, prr le cwanî،

be bêwêneyi drûstkrdû،

hênaye der،

hellmsengand ،

katê legell cwanî toda،

sed mxabin،

eger bêt û to deryabî،

tabilokeyi ew،

yek dllopêk le cwanî toy،

pîşan deda.

# -36-

# Cwanî To

Penam brde, tabilo sazêk،

be nêwbange, le cîhanda،

tabiloyekm bo bsazêt،

bangî cwanî tohellbida،

herçend basî cwanîm destkewt،

le diywanî şa'îranda،

wuşeyi cwanî ferhengekan،

basî çaw û

qedû ballayi frîşitekan،

le nêw beheşitî xodada،

hemûm, pêda،

namênê w

êskekeşm, wurd wurd debêt w

derrizêt،

rewanîşm, bo baregay،

xudawendî, 'şq evîn،

helldfrrêt،

ke wam lêhat،

hîç şitêkm lê namênêt،

jêr gll bixirêt.

# -35-

# Peyamêk Bo Hawrrêyanm

Hawrrêyanm،

bîrî ewe leser derken،

eger mirdm،

ke termekem،

çon û le kwê binêjrêt،

em dllrreqeyi dllrrfênm،

weku êsta،

ger be nazu ger be 'îşwe ،

bmsûtênêt،

ta ew kate،

goşitm leser êsk ،

frmêskêkt bom nerrjand،
rojêk, carêk, ya tosqallêk،
wat lêkrdûm, le xemanda،
ke erênî،
berme çllêk،
be gellayek û be darêk.

# -34-

# Payz û Min

Nazdarekem،

bo zerd bûn w

bo werînî gellayi darêk،

le payzda،

ahî grrdar helldekêşî،

çawekant, aw derrêjn،

kollêk, barêk û rûbarêk،

bo zerd bûnî ser û sîmam،

bo werînî gellayi 'mirm،

le dûrî to،

nazanm bo،

wek pepûle،

legullzarî nêw beheşitda،

le hatin û le çûndaye،

ke tom bînî clî kurdît،

ke poşiywe،

be sersamî wutm rast bûm،

perriyekanî beheşit kurdin،

em yekeşiyan،

her lewêwe dabeziywe،

çunike zemîn taku êsta،

cwanî wek toy،

be xoyewe nebîniywe.

# -33-

# Clî Kurdî

Leweteyi hem،
katêk ke bîr،
le frîşitew perîyekanî،
nêw beheşitî،
perwerdgar dekemewe،
qedu ballayi kîjî kurdm،
dête berçaw،
le cwanîda ke le şerrdan،
legell mang û legell hetaw،
her yekêkiyan ،
rengêk clî le berdaye،

leser pşitî masîyekanî،

nêw ḧewzeke،

le qefesî qenarîyekan،

datpoşiywe, dewruberm،

weku çetiru weku seywan،

dezanî bo nazdarekem،

çunike nêwî tom pêdawun،

her hemûyan.

# -32-

# Hemû Her Ton

Taku êsta،

her be wêne, min tom diywe،

be bonîşit mest nebûm w

le gullzarî kullmantda،

gullêkîşm neçniywe،

bellam katêk،

pencerekem dekemewe،

beyanîyan،

to debînm rawêstawî،

leser lqî darsêwekan،

le kenarî darçnare taqaneke،

leser perrî gşit gullekan،

# -31-

# Xeyalî To

Xeyallî to, debêt be tîşk،
derdeperrêt, le dû çawm،
ke derrwanm ،
berew asman،
yekiyan debêt, be hetaw w
be estêre ،
ewî tiryan.

# -30-

# Pencekant

Hênde aloze jiyanm،

gûrîsêkî،

prr le hezar grê kwêre،

le kenarî, çallî xallî،

gorrekemdam،

pencekanî to nebêt, ger،

nakrênewe ke grêkan،

gorrhellkenîş peleyetî،

bo daxizan.

# -29-

# To Frîşitey

Ke bom derkewt،

to frîşiteyi dabeziywî،

beheşitî xudayi asmanî،

ke tom hebêt lem dunyaye،

îtir çî xem،

xom mandûkem bo ew dunyaw،

bo beheşit û ḧorîyekanî.

# -28-

# Min û To

Xoşewîstît waylêkrdûm،

zor car dellêm،

hezar xozge،

to darêkî berrû buwayeyt،

minîş şaxêk،

tom le baweş bigirtaye،

bo dû, sê, çwar،

hezar sallêk.

# -27-

# Tîrî çawt

Her ke çawt tîrî grt w

kewte weşan،

dllî mint krd be nîşan،

her ke pêkat û têykewtî،

paş geşitêkî kûrte xayen،

becêthêşitm,

be bêtawan.

# -26-

# Grrî çawt

Le nêwanî nîgayi todaw
herdû çawm،
topî hetawm hellwasî،
bmparêzêt ta le grrî،
bellam nîgat, hênde tîj bû،
grrî berda،
le hetaw û le henawm.

eyi pêm nallêyi îtir çîye،

ke tawanm،

bem şêweye, berbuwîte be،

szadanm؟

# -25-

# Estêre

Estêreyekî bîrqedar،

derdekewê ،

le beramber pencerekem،

rojî rûnak،

be şewî tar،

ne xoyi denwê،

ne rêdedat ،

ke xewe bête çawkanm،

bêşek xotî nazdarekem،

rawêstawî bo sûtan û azardanm،

cge leweyi xoşm dewêy،

# -24-

# Gulebend

Şêxekanî konîş neman،

tîrbendêkm* bo binûsin،

helliywasm be ballmda،

ne be tîrî çawekant،

grr bigirm w

ne dllîşm be dîtinyan،

bikewête tirpew lêdan.

---

Tirbend=gullebend.

# -23-

# Serjmêrî Helle

Çendê hellen،

serjmêran،

katê dellên xellkî cîhan،

niyweyi piyawew niyweyi jne،

ke be dîqet têyderrwanm،

tenha yek jn min debînm،

ewîş, ewey, rfênerî،

dllî mine.

dademirkê û dadekşî w

qûtîdeda،

deryayi zordar.

# -22-

# Le Baweşî şepollekanda

Le nêwanî min û toda،

deryayeke prr şepollî،

serşêt û har،

her şepollêk berew min dêt،

rû le kenar،

xom dexeme nêw baweşî،

pêm bibexşêt dellêm bellku،

germî toyi yar،

bellam efsûs ،

hêşita oqrem ،

negrtuwe le nêwîda،

# -21-

# Gûman Le Hetaw

Nazanm bo،

maweyeke be gûmanm،

le hetaw û estêrekan،

wa hest dekem،

hetaw to bî û

estêrekan, hemû xellkî ،

dîkeyi cîhan،

çunike ke to derdekewêt،

le xemanda،

le şermanda،

hemû pêkra،

debin penhan.

# -20-

# Tarî Qjî Yar

Dengêk êcgar xoş،

hat be ber gwêmda،

katêk ke perdey،

nêwanî xom w

dengekem lada،

bînîm ke şneyi nermî şemalle،

be tarî qjî dllrrfênekem،

keman, lêdeda.

# -19-

# Dûrît

Lew rojewe ke lêm zîz buwî،

sertapê Ẍerqî frmêskm،

xemî dûrît،

le sûtanî derûn derçû،

geyşite ser goşit û êskm.

kajêrî sfrî temenm،

giyanekem, hêndeyi nemawe،

derkewe, pêş eweyi derçêt،

le sêne dwamîn henêskm.

# -18-

# To û Min û Pepûle

Katêk bînîm pepûleyek،

le dewrî qju sertda،

nerm nerm, le surrane،

wa hestm krd،

be gull le to geyşitibê،

bo mjînî bonî xoşit،

sergerdane،

to mezane،

her weku min،

legell tellî qjekant،

ḧezî le yarî û gemane.

ew zorizane.

# -17-

# Xallî Qîbile

Pencaw çend sall،

sucdem debrd،

rû le xallî qîbileyekî nebînraw،

qîbile, gorra،

katêk xallî،

ser lêwî tom،

hate ber çaw.

leser şanî،

le nêw destî nerm û nollî،

le baweşî şûşeyînî،

pencekanî،

be grrî qînî derûnm tawandmewe،

ke bom derkewt،

befrî zorizan،

basî cwanî tokeyi minî،

hate ziman.

# -16-

# Befru To

Zor be peroş dadebarî،

ke prsîm bo؟

gûtî, çunike awatme،

çend çirkeyek،

oqre bigirm،

leser tarî hewrêşmî qjekanî،

le ser brow mujî tîjî،

weku tîrî nêw kewanî،

leser lêwî،

weku gullî erxewanî،

leser bazuwî،

# -15-

# Nazanm Key؟

Dezanm hey،

weku perî her dûr be dûr،

dêyte ber çaw،

eyi rastew xo،

detibînm key؟

# -14-

# Şayi Şacwanan

Bo nasandin, hellbijardin،
şay, şayi cwanan،
le gşit cîhan bang helldra،
şacwanekan hemû hatin،
le akamda،
dllrrfênm،
ke be wêne amade bû،
nasêndra،

# -13-

# To Perstî

Nembîniywî, xoşm ewêy،

le êstawe, tirsî ewem lênîşituwe،

bitperstm, ger bitibînm،

bew kareşm, ledest bidem،

meziheb û ayin û dînm.

# -12-

# Perî û Beheşit

Bo bîst sallêk،

parramewe min le yezdan،

bawerr bikem ta be beheşit،

perîyekm bidat pîşan،

ke tom bînî, wutm (Ament)،

ke beheşitî ruwî zemîne،

xakî zêrrînî kurdistan.

# -11-

# Frmêskî Gull

Taku êsta wamdezanî،

ke awenge،

ew dllope awaneyi ke،

leser perrî naskî gull radewestê،

katî şewan،

to mezane،

ke frmêskî gullekanin،

le dûrî to،

be şew, ke nît،

dête rjan.

# -10-

# Nîgayi çawt

Eger hetaw manî grt w

ke hellinehat،

estêrekan ،

le tirûske kewtin û mang،

le pşitî hewr ke derinehat،

nîgayekî çawekant،

bese kewa, bo hemîşe،

ruwî goyi zemîn،

be roju şew

rûnak bikat.

# -9-

# Ke Xembarît

Ke xembarît,

ruwî goyi zemîn,

gorrstane,

minîş yekêk le mirduwan,

katêk şadît,

dûniya debêt bew beheşitey,

basî deken,

ke ktêbe asmanîyekan,

min debme beheşitîyek,

toş debîte,

şayi perîyekan.

# -8-

# Min û şem û Pepûle

Aram, aram،
weku şemêk, be teniyayî،
le tarîkîda desûtam،
pepûleyek،
ke peyda bû le dewrmda،
dllmî xiste kllpe kllp w
ser ta pê, grrî têberdam.

bitinasênêt, taku rojêk،

le cwanîda weku şakar

# -7-

# Cwanît

Ke her rojêk wêneyekt،
dête ber çaw،
dellêm tewaw،
a emeyan cwantirîne،
le nêw elbûmî dllmda،
ke şayanî hellwasîne،
bellam wêneyi rojî paşitir،
gelêk leweyi pêşû cwantir،
dellêyi kewa perwerdgar،
le ser toda her satêk w
hunerê nwê dênête kar،

nêwyan lênay, şayi gollekan،

ayi ke şad bûm lew sateda،

lew kateda xom rwanî،

zor beriztiru be hêztir bûm،

le şayi şakan.

# -6-

# Qenarîyekan

# Bas Le Cwanî To Deken

Ke be dîqet dû gwêm şl krd،

bo awazî Qenarîyekan،

basî cwanî،

tokeyi minyan،

be gwêyi yektirda deçpan،

yekiyan deygût, gullebaxe.

ewîtiryan, na, erxewan،

yekêk deygût ke nesirîne،

na, nêrgze, yekîtiryan.

le akamî demeteq.ê،

# -5-

# Rûdawêkî Xoşewîstî

Rûdawêkî xoşewîstî،

wamdezanî،

hênde drêj xayen debêt،

kewa bikrêt،

be dastanêk ya romanêk،

bo newekanî dahatû،

bellam efsûs،

kotayî hat û beserçû،

be kemtir le،

çawpûrkanêk،

akamekey, le derûnda،

zemîn hejêk û bûrkanêk.

## -4-

# Razî Pşit Perde

Le pşit perdeyi her ş'rêkda،
ke deyinûsm،
razêkî zor qûl penhane،
dozîneweyi tenha karî،
'aşqanî, be grrî 'şq،
dll û derûn sûtawane.
carêk 'şqî pepûleyek،
carêk gullêk،
carêk xakî kurdistane،
carêk bîrî kurdayetî،
ke rêbazî hemîşeyî w
take wêrdî ser zimane.

# -3-

# Awabûnî Hetaw

Ba awa bêt،

le brîtî yekcar rojî،

sed car hetaw،

ba nûqm bêt le deryada،

nêwî îtir neyete naw،

cîhaniyan،

ewendeman bese kewa،

tîşkî ruwî to،

rojî carêk،

bête ber çaw.

# -2-

# Baranî Xoşewîstî

Lew rojewe ke baranî،

xoşewîstît be sermda،

dabariywe،

xem dawyetî le şeqeyi ball،

bo binî asman friywe،

derrwanme seru sîmam،

leweteyi hem, weku êsta،

şadî ruwî xom،

nebîniywe.

## -1-

# Hêmayi to

Nazanm bo،

le çleyi sardî zstanda،

ke her katêk dekewme،

xeyallî to،

wa hest dekem ke behare،

hemû şitêk bonê gullew

gollîş hêmay،

toyi lê diyare؟

# Pêşkeş

Pêşkeş be to،

ke lêt prsîm،

bê dengî bo،

em ş'ranet ke xwêndewe،

rêge nedeyt kewa dllt،

lêt bprsêt،

kê bê axo،

ew dll reqeyi ke bem core،

ew bêdengey،

xiste rorro؟

Zangana. Yousuf, Dr.

QanariyekanBas Le Cwanî To Deken.

(Hellbestî Romanisî)

Çapî Yekem, Kurdistan 2016

Zangana. Yousuf, Dr.

Sparrows Are TalkingAbout Your Beauty.

(Romantic Poems)

First Edition, Kurdistan 2016

dr.yousufzangana@gmail.com

Ş'rî Romanisî

# Qenarîyekan

# Bas Le Cwanî To

# Deken

**Dr. Yousuf Zangana**

**2016**

که بە دیقەت دوو گوێم شل کرد،
بۆ ئاوازی قەنارییەکان،
باسی جوانی،
تۆکەی منیان،
بە گوێی یەکتردا دەچپان،
یەکیان دەیگووت، گوڵەباخە،
ئەویتریان، نا، ئەرخەوان،
یەکێک دەیگووت کە نەسرینە،
نا، نێرگزە، یەکیتریان
لە ئاکامی دەمەتەقـێ،
نێویان لێنای، شای گۆڵەکان.